سەروتار



فەرهاد شاکەلی

# بازنە و لاکێشەکان

نە پێویستم بە ڕوونکردنەوە هەیە و نە پاساودان، کە بۆچی کاتێ بیر لە ئاخاوتەی فەرهەنگی و سیاسیی کورد دەکەمەوە، یەکسەر وێنەی کۆمەڵێ بازنە و لاکێشەم بە بیردا دێت. ئەمە جۆرێکە لە پێکەوەبەستنی ناوەڕۆک و فۆرم، یا داپۆشینی گەوهەری بابەت بە کاڵای زێڕبافتی ڕواڵەت.



ڕەنگە دانانی پێناسەیەک بۆ چەمکی ئاخاوتە [خطاب، گفتمان، دیسکۆرس، Discourse] ئەرکێکی سەخت نەبێت بەو پێیەی ساڵانێکی دوورودرێژە بەناو زمان و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی دنیادا تەشەنەی کردووە و لە زمانی کوردییشدا تا ڕادەیەک جێگای خۆی کردووەتەوە. بەڵام، بێگومان، دۆزینەوەی پێناسەیەکی لەبار بۆ توێژی، یا دەستەی، ڕووناکبیران پێویستی بە دڵنیابوون و وردەکارییەکی زۆرتر هەیە.

من کە دەڵێم ئاخاوتەی فەرهەنگی و سیاسیی کورد، لەو بڕوایەوە پێ هەڵدەگرم کە ڕووناکبیری کورد لە تەمەنی

فەرهەنگی و هۆشیاریی خۆیدا هێندە پێگەیشتووە کە خاوەنی ئاخاوتەی خۆی بێت. لەوەیشە زۆرجار ئەم ئاخاوتە فەرهەنگییە لەگەڵ ئاخاوتەی سیاسیدا یەک بگرێتەوە، بەڵام دەیشگونجێ کە ڕێک دژی ئاخاوتەی سیاسی بوەستێتەوە.

لە سەردەمێکدا کە خۆمان تێیدا دەژین و بەبەڵگەکردنی هەڵوێست و ڕووداوەکان زۆر لە جاران ئاسانترە، دەتوانین زانیارییەکی باش لەبارەی بڕوا و بۆچوونی زۆربەی ڕووناکبیران و سیاسەتکارانی کوردەوە کۆ بکەینەوە. ئەم ئەرکە، هێندەی لە مێژوودا بۆ دواوە بچین، ئەوەندیش زەحمەتتر دەبێت، چونکە بە دەگمەن دەتوانین بزانین سیاسەتکار و ڕووناکبیری کوردی دوو، سێ یا چوار سەدە لەمەوپێش چۆن بیری کردووەتەوە و چ ئاخاوتەیەکی هەبووە. هەندێ لە ڕووناکبیرانی سەدەکانی پێشوو بەشێکی ئاخاوتەی فەرهەنگی و ڕووناکبیرانەی خۆیانیان بە شێوەیەکی نووسراو بۆ بە جێ هێشتووین. ئەمانە ئەو تاکە هۆشیار و هەڵکەوتووانەن کە بەهرەی نووسین فریایان کەوتووە بۆ ئەوەی بیری خۆیان لە چوارچێوەیەکی هونەری و ئێستێتیکیدا دابڕێژن. بەڵام ناکرێ ئێمە وا بزانین ڕووناکبیرانی کورد هەر ئەوانە بوونە کە شاکارێکی، یا بەرهەمێکی، ئەدەبی و هونەرییان لێ بە جێ ماوە.

**هەندێ لە ڕووناکبیرانی سەدەکانی پێشوو بەشێکی ئاخاوتەی فەرهەنگی و ڕووناکبیرانەی خۆیانیان بە شێوەیەکی نووسراو بۆ بە جێ هێشتووین**

ئاخاوتەی پیاوێکی وەک شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٤) تێکەڵاوییەکی سیاسەت و فەرهەنگ و شارستانەتییە و ئاخاوتەیەکی زۆریش ڕوونە. نموونەی دیکەیش هەن؛ ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧) و حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧)، کە دیسان تێکەڵاوییەکن لە سیاسەت و فەرهەنگ و شارستانەتی، ئەگەرچی ئەمان، وەک شەرەفخان، نەهاتوون مێژووی نەتەوە بنووسن، بەڵکە ژانرێکی ئەدەبییان هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان.

ڕووناکبیرێکی سیاسەتکار میر عەبدالخانی فەرمانڕەوا و میری بدلیسە.

ئەم پیاوە تا ئێستایش بۆ ئێمە و بۆ زۆر لە مێژوونووسانیش نهێنێکی گەورەیە. لە هاوینی ساڵی ١٦٥٥دا مەلەک ئەحمەد پاشای عوسمانی بە لەشکرێکی گەورەوە هێرش دەکاتە سەر میرنشینی بدلیس. میری بدلیس دەشکێت و لەشکری عوسمانی شارەکە دەگرێت. گەڕۆکی ناسراوی تورک ئەولیا چەلەبی (١٦١١-١٦٨٢) لەوێ ئامادە بووە کاتێ لەشکری تورک ماڵ و موڵکی عەبدالخان تاڵان دەکەن. ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێت، کتێبخانە گەورە و دەوڵەمەندەکەی عەبدالخانە. ئەولیا چەلەبی لە سەرەتادا بە کورتی دەڵێ کتێبەکانی میر باری حەوت وشتر بوون، بەڵام بە دوویدا، ناوی بەشێکی زۆری کتێبەکان تۆمار دەکات. تۆ دەبینی میر ڕووناکبیرێکی یەکجار گەورە و هۆشیار و شارەزا و لێزان بووە. عەبدالخان شارەزای بوارەکانی مێژوو، جیۆگرافیا، شیعر، فەلسەفە، پزیشکی، دەرمانسازی، ئەندازیاری و زۆر زانست و هونەری دیکەیش بووە. چەلەبی باسی کۆمەڵێ کتێبی ڕەنگدار دەکات (ئەتلەس و ئاناتۆمی) کە لە ئەورپا چاپ کراون.

هەر لەو پێوەستەدا ئەولیا چەلەبی ئەوەیش دەگێڕێتەوە کە لەناو کتێبخانەکەی میر عەبدالخاندا حەفتاوشەش کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی و سەدوپێنج وتار هەبوون کە خان خۆی نووسیبوونی. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە تەنانەت یەک دێڕ و یەک وشەیشمان لەو گەنجینە گەورە و ڕەنگین و دەوڵەمەندەی بەرهەمەکانی خان لە بەردەستدا نییە.

لەناو ڕووناکبیرانی سەردەمی تازەتردا چەند ناوێکمان هەن کە خاوەنی ئاخاوتەیەکی ڕوونی فەرهەنگی و سیاسین: ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠)، عەلائەددین سەججادی (١٩١٦؟-١٩٨٤)، ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠١) و مەسعوود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢). بۆ پەیبردن بە وردەکارییەکانی بیر و ئاخاوتەی ئەمانە ڕەنگە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان و سەرنجدانی ڕێڕەوی ژیانیان یارمەتییەکمان بدەن.

ئاخاوتە بازنەشێوەکان، لە خەیاڵی مندا، ئەوانەن کە زۆر ئاستەمە بتوانیت دەرگایەک بۆ وەژوورکەوتنیان بدۆزیتەوە. یا ئەوانەن کە هەمیشە دەسووڕێنەوە، دووبارە و چەندبارە دەبنەوە و بوونەتە نموونەگەلێکی وشکهەڵاتوو، بوونەتە جۆرێک ستێریۆتایپ (Stereotype) کە ئیدی تازەیی و

داهێنانێک بە مرۆڤی کورد نابەخشن. ئاخاوتە لاکێشەکانیش، دیسان لە خەیاڵی مندا، ئەوانەن کە مەودای جیاوازیان هەیە و ڕێژەی نێوان مەوداکانیش دەتوانێت بگۆڕێت؛ جارێک کەمتر و جارێک زیاتر. من کە مێژووی سیاسیی کوردستان دەخوێنمەوە، زۆرجار هەست دەکەم ژمارەی ستێریۆتایپەکان، ژمارەی ئاخاوتە بازنەییەکان یەکجار زۆرن، تا ئەو ڕادەیەی کە مێژووی ئێمەیان کردووەتە تۆمارێکی بێگیان و بێبۆن. بەڵام کە بیر لە ئاخاوتەی فەرهەنگیی ڕووناکبیران دەکەمەوە، ئاخاوتە لاکێشەکان، جیاوازییەک دەبینم، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر بەهێز و پڕڕەنگیش نییە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆیشماندا دیسان بازنە و لاکێشەکان هەر بەردەوامن و هەر نموونەی دیکەیان لێ دەکەوێتەوە. ئاخاوتە سیاسییەکان زۆرجار بێهومێدییەکی گەورە دەبەخشنە مرۆڤی کورد و هەندێ جاریش هیوایەکی کز. ئاخاوتە فەرهەنگییەکانیش هەندێ جار شتێکی جیاواز و ڕەنگامەمان پێشکەش دەکەن و زۆرجاریش دەبنە تابلۆیەکی یەکدەنگ و یەکڕەنگ. لە هەندێ سەردەمیشدا ئەم بازنە و لاکێشانە هەڵدەوەشێنەوە. ئەم دوور و نزیکییەی بازنە و لاکێشەکان لە یەکدییەوە، یا لە مرۆڤی کوردەوە، ئەو چیرۆکە دروست دەکەن کە ناومان ناوە مێژووی کورد. ئایا ناکرێ شێوەیەکی جوان و دڵگیر لە تێکەڵکردنی یا لەیەکدانی بازنە و لاکێشەکان دروست بکەین؟ ناکرێ لە یەکگرتنی لاکێشە و بازنەکان نەخشێکی جوانتر، کۆمەڵێ نەخشی جوانتر، کۆمەڵێ مۆزاییک دروست بکەین؟

**ئاخاوتە سیاسییەکان زۆرجار بێهومێدییەکی گەورە دەبەخشنە مرۆڤی کورد و هەندێ جاریش هیوایەکی کز. ئاخاوتە فەرهەنگییەکانیش هەندێ جار شتێکی جیاواز و ڕەنگامەمان پێشکەش دەکەن و زۆرجاریش دەبنە تابلۆیەکی یەکدەنگ و یەکڕەنگ**